# نەوشیروان مستەفا

# لە دوو تویّی نهێنیەکاندا


**شاسوار**


لە هەر چوار ئەڵقەکەی ئەم زنجیرە باس و بەڵگەنامانەدا؛ بەوە دەگەین، نەوشیروان مستەفا هیچ نیە، وێنەیەکی کاریکاتۆری بارزانی و تاڵەبانی نەبێت. نەوشیروان لەکارە تێرۆریستیەکانیدا، هەمان ڕێچکەی حیزبی دایک دەگرێتە بەر، لە ئایدیاکانیشیدا، بەلای شێخ و ئاغایەتیەکەی ئەواندا تێدەپەڕێت و لە سەلەفیەتدا دەگیرسێتەوە، لە کۆکردنەوەی سامانی شەخسیشدا هیچی لەوان جیاواز نیە (لە داهاتوودا دەگەڕێینەوە سەر ئەم خاڵەو بە بەڵگەی نوێوە ئەو ڕاستییەیشتان لێ ئاشکرا دەکەین).

تا ئێستایش سەدای تێرۆرە فەردییەکانی حیزبی دایک، لە گوێماندا دەزرنگێتەوە. تا ئێستایش کردنی هەردوو باڵەکەی ئەو حیزبە بە پەناگای نەرێتە کۆمەڵایەتیە کۆن و پەککەوتەکان، بیرەوەرین و لەهۆش و گۆشماندا دەژین. هەر سەرەتای ساڵانی شەستەکان بوو، پارتی دیموکراتی کوردستان و کاژیکەکان، لە تەنها ڕۆژێکدا لە شاری سلێمانی، هەوڵی تێرۆرکردنی دەیان ئەندامی حیزبی شیوعیاندا. بۆیە لە ساڵانی حەفتاکاندا، یەکەمین هەوڵی گروپە مارکسیستەکان، دوورخستنەوەی نەرێتە دارزیوەکانی هەردوو باڵەکەی ئەو حیزبە بوو لە ڕێکخراوە نوێکانیان.

نەوشیروان مستەفا، لە هەردوو شێوە تراژیدی و کۆمیدیەکەی ئەو مێژووەدا، هەمان تێرۆریستەو هەمان نەرێتی حیزبی دایک برەو پێدەدات. شێوە درامیەکەی ئەو مێژووەیش ئەوەیە، ژمارەیەک لە لاوە سەرکەشەکان، لە کۆمیدیاکەی نەوشیرواندا، بۆ دەمەوبەیانێکی جوان دەگەڕێن، ئەو پیاوەی شێتی کورسیەکانی لای سەرووەوە لە هیچ ناگەڕێت ئەو ڕێگایانە نەبێت بەو کورسیانەی دەگەیەنن. تراژیدیای گەورەی ئەمڕۆیش هەرئەوەیە، ژمارەیەک لاوی خوێن گەرم، لە سەلەفیەتەکەی نەوشیرواندا، لە جیهانێکی یەکسان دەگەڕێن، جیهانێک دوور لەخەونەکانی ئەوان و پڕ بە ئایدیاکانی نەوشیروان مستەفا.

بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە بەیاد بهێنرێتەوە، ئەوەیە کە نەوشیروان مستەفا، هەرگیز نەیوانیوەو ناشتوانێت، دروستیی بیرە تێرۆریستیەکانی و ئایدیا کۆنەپەرستەکانی بسەلمێنێت لەو ناوەندەدا نەبێت کە شارستانیەتی سەلەفیەت، سیستمی خەلافەت، بەدوایەنچارە دەبینێت. بۆیە هیچ سەیر نابێت، ئەمڕۆیش وەک دوێنێ، بکەوێتە بەر ڕەخنەی جەماوەریش و دەوروبەرەکەیشی. وە ئەگەر لە چاوی بەڵگەنامەکانەوە، بڕوانینە کارەکانی نەوشیروان، دەبینین کارە تێرۆریستیەکانی، هەردەم جێگای دڵگرانی و توڕەیی جەماوەری شاری سلێمانی بەگشتی و کۆمەڵەییەکانی ناوشار بووە بەتایبەتی. بۆ دیتنی ئەو ڕابووردووەیش، بڕواننە وەڵامی ئەو سەرکردایەتیە تێرۆریستە خۆی بۆ کۆمەڵەییەکانی ناوشار کە ناڕازی بوون و ڕەخنەکانی ئەوان و خەڵکی سلێمانی ئاشکرا دەکەن. لەو نامەیەدا، ئەو سەرکردایەتیە ساختەکارە، جارێک بە فریودان، جارێکی تریش بە سەرزەنشت، بەڵام سەرزەنشتێکی ئێجگار ساویلکانە، وەڵامی ڕەخنەی کۆمەڵەییەکانی ناوشار دەداتەوەو تێرۆرەکانیش بە کارێکی عادیلانە دەناسێنێت، ئەو جۆرە عەدالەتەی بە هەموو ساڵانی شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکان و نەوەدەکانەوە دیارە، بگرە مێژووی نیو سەدەی ئەم دواییەی کوردستان، پڕە لەو کارە تێرۆریستیە دڵتەزێنانە.





بەڵێ! کۆمەڵەییەکانی ناوشارو خەڵکە سادەکەی شاریش، بۆ تەنها جارێکیش، ئەو کارە تیرۆریستیانەی نەوشیروان مستەفایان لەلا پەسەند نەبووە. چونکە ئەو، وەک جەلالیەک، هیچی نەکردووە دووپات کردنەوەی هەمان عەقڵیەتی تیرۆریستانەی حیزبی دایک نەبێت. نەوشیروان هیچی بە میرات لە حیزبی دایکەوە بۆ نەماوەتەوە، تیرۆر و دووبارە تیرۆر نەبێت. وە ئەویش، هەروەک جەلال تاڵەبانی، خاوەنی هیچ پرنسیپێک نەبووەو نیە، بۆیە بۆ ئەو، هیچ جێگای شەرم نیە جارێک مارکسیزم و عەشایەری پێشکەوتنخواز و جارێکی تریش عەلمانیەت و ئیسلامی سەلەفی، پێکەوە بهاڕێت و ئایدیۆلۆژیایەکی کۆنەپەرستی تایبەت بەخۆیی لێدروست بکات، ئایدیۆلۆژیایەک کە تەنها جێگای، ناوەندی هەلپەرستەکانە، ئەو هەلپەرستانەی زۆر ئاسان، ڕەنگی خۆیان لەگەڵ ڕەنگی ژینگەکەیاندا دەگونجێنن، ئەو هەلپەرستانەی لە پێناوی سادەترین بەرژەوەندی شەخسیدا، هەرە تاوانبارەکانی ئەم کۆمەڵگایە، بەسەرشان دەگوازنەوە بۆ سەر پلەوپایە سیاسیە بەرزەکان و خۆشیان بەچمکێکی ئەو پایانەدا هەڵدەواسن و پاشانیش دەکەونە پیا هەڵدان و دروستکردنی داستانی درۆو پڕکردنەوەی ڕۆژنامەو میدیاکان لە حیکایەتی هەڵبەستراوی پاڵەوانێتی سەرکردە کارتۆنیەکانیان، ئەو سەرکردانەی نزمترین ئاستی گەشەی مێژوو دروستیان دەکات و ئاستێکی بەرزتری ئەو مێژووە، بەکێشیان دەکاتە دادگاکانی شۆڕشگێرانەوە، ئەو سەرکردانەی بۆ وەدی هێنانی خەونەکانیان، لە مێژووە کۆمیدیەکەیاندا، جارێک بیروباوەڕی مارکسیزم و جارێکی تریش نزاو پاڕانەوە لە بەردەرکی سەرادا، بۆ گەیشتن بە شارستانیەتی خەلافەتی ئیسلامی، بە ڕێگەچارەی هەموو دەردەکان دەناسێنن. هەر لەبەر ئەوەیش بووە، هەمیشە شک و گومان لەو سەرکردایەتیە تیرۆریستە، دەیان و سەدانی لە ڕیزەکانی کۆمەڵە دوورخستۆتەوە، ئەمە هەروەک چۆن دەیانیشی خستۆتە گێژاوی ئەو پرسیارانەوە کە تا ئێستایش بێ وەڵام ماونەتەوە. بۆ نموونە: سالاری مەلا حسێن کە نزیکترین کەس بوو بە وریاو ئاگاداری هەموو بەڵگەنامە نهێنیەکان بوو .. چی لێ بەسەرهات؟ کێ بە گرتیدا؟ چۆن بێ سەروشوێن کرا؟ بۆچی ناو نابرێت؟ وریاو سالار لە هەمان ڕۆژدا بێ سەروشوێن کران، یەکەمیان بە دەستی چەتەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و دووهەمیشیان لە لایەن قوات خاصەی بەعسەوە. جگە لەوانیش، دەتوانین لیستەیەکی درێژ لەو کەسانە یاد بخەینەوە کە تا ئێستایش بێ سەروشوێنن، گەلێکیان لەوانە بوون کە لاسار بوون لە ڕووی جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفادا، چەندێکی تریشیان مەترسی ئەوەیان لێدەکرا ژمارەیەک لەم بەڵگەنامانەیان لەلا مابێتەوەو نەیانگێڕابێتەوە بۆ سەرکردایەتی، چەند کەسانێکی دییش لەوانە بوون کە دەبوایە لە پلانی لەناوبردنی کۆمەڵەدا، لەناو ببرێن. بۆیە نەوشیروان مستەفا لەو ناوەدا، دوو ئەرکی گەورەی پێسپێردرا بوو، یەکەمیان بەکارهێنانی ناوی کۆمەڵە

وەک ئامرازی جوانکاریی ڕووخسارە ترسناکەکەی جەلالیەت، ئەمە هەروەک چۆن ئەمڕۆیش ووشەی گۆڕانی کردۆتە ئامرازی ماکیاج کردنی دەموچاوە سامناکەکەی سەلەفیەت، دووهەمیان، بەکارهێنانی کۆمەڵەییە لاوەکان وەک ئامێرێکی تەنفیزی بۆ سەرکوتکردنی هەر هێزێک یان کەسێکی نەخوازراو کە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە تێرۆریستیە یەکی نەدەگرتەوە. لە بناغەیشدا، ئەم کارە تێرۆریستیانە، لاسایی کردنەوەی ئەو دەسەڵاتە سامناکەی بەعس بوو کە هەرکەسی لە سێدارە دەدا، لەگەڵیاندا یەکینەدەگرتەوە. وە هەر ئەمەیش بوو کە ئەو سەرکردایەتیە تێرۆریستەی سەغی کردبوو لە ئاستی کۆمەڵەییەکانی شاردا لە تەرخانکردنی هەموو توانایەکدا بۆیان لە کڕینی چەک و تەقەمەنی و بەکرێ گرتنی خانووی نهێنی و مووچە بڕینەوە بۆ چەکدارەکانی شار بۆ وەدی هێنانی مەرامە تایبەتیەکانی خۆیان کە لە زنجیرەکانی تردا زیاتریان لێ یاد دەخەینەوە.

